**هەرێمی کوردستانی عێراق**
ئەنجوومەنی نیشتمانیی
کوردستانی عێراق

## ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

# پرۆتۆکۆلەکان

# ٢٢

بەرگی بیست و دوو ـ ١٩٩٩

چاپی یەکەم ١٩٩٩

# پێڕست:


پرۆتۆکۆلی دانیشتنی دەستپێک چوار شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٩/٩/١٥ ........ ل٥

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١) شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٩/٩/١٨ ........ ل١٥

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢) یەک شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٩/٩/١٩ ........ ل٤٧

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٣) یەک شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٩/٩/٢٢ ........ ل٦٧

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤) شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٩/١٠/٣٠ ........ ل١٢٩

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٥) یەک شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٩/١٠/٣١ ........ ل١٧١

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٦) دوو شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٩/١١/١ ........ ل٢١١

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٧) سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٩/١١/٢ ........ ل٢٧١

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٨) چوار شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٩/١١/٣ ........ ل٣٧٥

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٩) پێنج شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٩/١١/١١ ........ ل٤٦٣

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٠) شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٩/١١/١٣ ........ ل٤٧٧

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١١) چوار شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٩/١١/٢٤ ........ ل٥٢٧

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٢) شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٩/١١/٢٧ ........ ل٥٣٣

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٣) یەک شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٩/١٢/١٩ ........ ل٥٣٩

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٤) دوو شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٩/١٢/٢٠ ........ ل٦٨٣

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٥) سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٩/١٢/٢١ ........ ل٧١٣

هەیە لە قانوونی پێشوو  بە شێوەیەکی توووند هاتبوو ئەو نسبانەی کە لەو قانوونە هاتووە بە شێوەیکی نەرم(مرن) ،هاتوون سێیەم بە نسبەت حد الاعلی بە گوێرەی قانوونی پێشتر ئەگەر لەسەدا بیست و پێنج بێ ئێستا کردوومانە بە لە سەدا بیست ،ئەو سێ خاڵە تازەن کە هاتوونە ناو ئەم پرۆژەیە بۆیە ئێمە حسابێکی زۆر زۆر ووردمان کرد لە ئەنجامدا گەیشتینە  ئەوەی کە ئەگەر هاتوو ئەو یاسایە لە پەرلەمان پەسند بکرێ ئەو کەسەی مکلفە  ساڵانە لە سەدا پەنجا باجەکەی دێتە خوارێ، ئێمە لەگەڵ ئەوەین  کە زێدە باج هەر نەمێنێ بەڵام هەروەکو لە پێشتر ئیشارەتمان پێدا ئەبێ بەرژەوەندی یەکسانی هەبێ لە نێوان بەرژەوەندی گەنجینەو بەرژەوەندی هاووڵاتیان، بۆیە ئەم پرۆژەیەمان هێنایە کایەوە،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاک شێروان، وا بزانم سماحات روونە زۆر زۆر لە بەرژەوەندی ئەو کەسەیە کە باج دەدات بەو شێوەیەی کە ئێستا باس کرا دیسان ئەگەر زەربی سەدی بکەین واتە حەوت سەد لە سەد، نەک حەوت لە سەد، ئەگەر تۆزێک بە ووردی تەماشای بکەین، ماددەی یەکەم ئەگەر هیچ تێبینیەک نییە دەیسخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە...؟ سوپاستان ئەکەین، کێ لەگەڵ نییە...؟ بە تێکرایی دەنگ پەسند کرا.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

لا تسترد المبالغ المتحصله على حساب الضريبه الاضافيه قبل صدور هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینیەک هەیە لەسەر ئەم ماددەیە، فەرموو کاک محەمەد.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لا تسترد المبالغ المتحصله ئەوە في حاله تنفيذه بعد صدوره ونشره، بەڵام ئێستا ئێمە پیشنیارمان کرد لە ٢٠٠٠/١/١ ئەوە جێبەجێ بکرێتن لەبەر ئەوە ئەم برگەیە پێویست ناکاو واتە نەمێنێ. سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینییەک هەیە لەسەر پیشنیارەکەی کاک محەمەد حەسەن باڵتە... ؟ نییە ئەخەینە دەنگدانەوە پێشنیارەکە ئەوەیە کە مادەی دووەم نەمێنێ، کێ لەگەڵە...؟ سوپاس، کێ لەگەڵ نییە...؟  بە تێکڕای دەنگ پەسند کرا سوپاس.فەرموو کاک محەمەد.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

يعمل بالقوانين والقرارات ضريبه العقار االنافذه بما لايتعارض واحكام هذا القانون ئەوە زیاد بکرێ.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

پیشنیارەكە چۆن ئەبێ؟

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

يعمل باحكام القوانين الضريبيەالنافذه بما لا يتعارض وأحكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

كاك سیروان فەرمو.

**بەڕێز سیروان كاكەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

پێم وایە پێویست بەو شتە ناكا چونكە لێرە لا يعمل بأى نص يتعارض واحكام هذا القرار ئەوە ئەبێتە تحصيل حاصل حەزم كرد ئەوە روون بكەمەوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

كاك سیروان ئەوە دانراوە چونكە هەندێ یاسای باج هەیە بەرقەرارە لە وڵاتی ئێمە واتە (نافذ المفعول)ە بە مەرجێک ئەو بەندانەی لەو قانوونە هەیە پێچەوانە(تعارض) نەبێ لەگەڵ قانوونە چونكە یاساكە یاسای باجی خانووبەرە ئیشی پێ دەكرێ، ئەخەینە دەنگدانەوە ، كێ لەگەڵە...؟ سوپاستان ئەكەین، كێ لەگەڵ نیە...؟ بە تێكڕای دەنگ پەسند كرا. ماددەی سێیەم.

**بەڕێز حوسێن عەلی كەمال:**

المادة الثالثة:لوزارة المالية إصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ آحكام هذا القانون.

بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن: كێ تێبینی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە، فەرمو كاك ئیبراهیم.

**بەڕێزئیبراهیم عەبدولقادر دوغرەمەچی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

ئەمەش وەكو یاساكەی پێش ئێستا كە ووتمان لە ١/١/٢٠٠٠ جێبەجێ بكرێ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

ئەم پیشنیارە هەیە سوپاس، ئەم ماددەیە ئەخەینە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵە...؟ سوپاستان ئەكەین، كێ لەگەڵ نییە...؟ بەتێكڕای دەنگ پەسند كرا، سوپاس. ماددەی چوار الغا دەكرێ، كێ لەگەڵە...؟ سوپاستان دەكەین، كێ لەگەڵ نییە...؟ بەتێكڕایی دەنگ پەسند كرا كە مادەی چوار هەڵبوەشێنرێتەوە.

**بەڕێز حوسێن عەلی كەمال:**

المادة الرابعة: علي الوزراء المختصين تنفيذ أحكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

كێ تێبینی هەیە لەسەر ئەم مادەیە؟فەرموو مامۆستا.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر زەین ئەلعابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە نسبەت الوزراء المختصین واتە وەزیری دارایی مەعنیە بەڵام لە یاساکە هاتووە علی الوزراء المختصین وە هەروەها لە یاساکەی پێش ئەوەش هەر بە هەمان شێوە هاتووە ئەمە پرسیارەک بوو حەز ئەکەم بزانم بۆ دووەم لە داڕشتنی مادەی یەکەمی ئەم یاسایەش وشەی (مستوفیە) لە ماددەی یەک بکرێ بە (مستوفات) سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە لەگەڵ برادەرانی لیژنەی یاسا لە داڕشتنیدا ڕێکی بخەن، جەنابی وەزیری ناخۆ فەرموو.

**بەڕێز فاضل میرانی وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی مامۆستا دەڵێ المسوؤلیە تضامنیە ما یعنی الوزیر یعنی الوزراء، سوپاس .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادەی چوار ئەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە...؟ سوپاستان ئەکەین، کێ لەگەڵ نیە...؟ بە تێکڕایی دەنگ پەسند کرا، سوپاس.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

پێشنیارێک هەیە ئەڵێ: ینفذ هذا القانون اعتبارا من ١/١/٢٠٠٠ وینشر فی الجریده الرسمیه.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەم پیشنیارە ئەخەینە دەنگدانەوە ئەگەر هیچ تێبینی لەسەر نیە. فەرموو کاک عەدنان.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من لام سەیرە شتێک هەیە ئەڵێ (اهل مکه ادریٰ بشعبها)ئەو لیژنەیە نوێنەری وەزارەتی دارایی تێدا بوو من مەبەستم هەرئێرە نییە هیچ مانع نییە ئەگەر بڵێی دوای ئێستا بەڵام هەندێ جار دەستکاری کاتەکە بە کەیفی خۆیان بکەن شتێکی زۆر سەیرە پێویستە نوێنەری وەزارەتی دارایی کە لەو لیژنەیە تەقدیری ئەو ماوەیە بکاتن ئایا لە ١/١/ئەتوانن جێبەجێیس بکەن یان پێش ئەو ماوەیە ؟س سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نوێنەری حوکمەت لێرەیەو رازیە، فەرموو کاک شێروان.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ برادەرانی وەزارەتی دارایی و ئەنجوومەنی وەزیران ئەم بابەتەمان گفتوگۆ کردیە وە هەموومان لەسەر ئەوە کۆک بووین کە جێبەجێکردنی لە ١/١/٢٠٠٠بێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەخەینە دەنگدانەوە کێ لەگەڵە...؟ سوپاستان ئەکەین، کێ لەگەڵ نیە...؟ بە تێکڕایی دەنگ پەسند کرا،سوپاس. وەکو یاسا ئەیخەینە دەنگدانەوە کێ لەگەڵە وەکو یاسا...؟ سوپاستان ئەکەین، کێ لەگەڵ نیە...؟ بەتێکڕای دەنگ پەسند کران، سوپاس. پرۆژەیەکی ترمان ماوە ئۆتۆمبیلی بێ ژمارەکان.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

الى/ السيد رئيس المجلس الوطني المحترم

م/ رأي لجنة

كتابكم المرقم(ك/ ٥١)في ١٩٩٩/٩/١٩

عرض على اللجنة القانونية مشروع قرار حول حائزي المركبات التي تحمل لوحات الادخال الگمركي المؤقت/اربيل وبعد قيام اللجنة بدراسة ومناقشة المشروع من كافة جوانبه تؤيد اللجنة مشروع القرار وذلك لوضع حدٍ لدخول السيارات الى الاقليم بصورة غير مشروعة، راجين التفضل بالاطلاع وعرضه على المجلس للمناقشة.

مع التقدير

بسم الله الرحمن الرحيم

بأسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

رقم القرار:

تأريخ القرار:

«قرار»

استناداً الى احكام الفقرة الأولى من المادة (٥٦)من القانون رقم(١)لسنة ١٩٩٢وبناءاً على ماعرضه وزير الداخلية ووافق عليه مجلس الوزراء شرع المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتاريخ / /١٩٩٩ القرار الآتي:

اولاً:على حائزي المركبات التي تحمل لوحات الادخال الگمركي المؤقت/اربيل مراجعة وزارة المالية والاقتصاد والداخلية لتسديد الرسوم المقتضية خلال مدة لاتتجاوز(٩٠)يوماً من تاريخ نفاذ هذا القرار لغرض اكمال اجراءات التسجيل.

ثانياً:لاتخصص بعد نفاذ هذا القرار لوحات الادخال الگمركي المؤقت/اربيل للمركبات الداخلة الى الاقليم والتي لاتحمل المستمسكات القانونية للتسجيل.

ثالثاً:تصادر كل مركبة مخالفة لأحكام الفقرتين اولاً وثانياً اعلاه.

رابعاً:يمنع منعاً باتاً تفسيخ المركبات والمكائن والمعدات الصالحة للعمل ويجوز تفسيخها اذا كانت غير صالحة للعمل بعد استحصال الموافقات الگمركية والمرورية والامنية ويعاقب المخالف

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

بەناوی گەل

ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

ژمارەی بڕیار: ١٦

مێژووی بڕیار: ١٩٩٩/١١/٢

بڕیار

پشت بەو دەسەڵاتەی کە بەپێی بڕگە (٣)ی مادده (٢) لە یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٧ پێمان دراوە و لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ڕۆژی ١٩٩٩/١١/١ دا یاساکاری کردووە، ئەم بڕیارەمان دەرهێنا

یاسای ژمارە (٦)ی ساڵی ١٩٩٩

یاسای باجی خانووبەرە (عقار)ی هەرێمی کوردستان

ماددەی یەکەم:

زیادە باجێکە لەسەر زیاتر لە (١٥٠٠٠)پازدە هەزار دینار لە کۆی داهاتی (عەقارەکان)ی ئەوەی لەسەریەتی (المكلف) وەردەگیرێ و دەسەپێندرێ، بەو مافەشەوە کە لە عەقارە وەقف کراوەکانیشەوە هەیەتی، دوای لێ دەرکردنی بڕە باجی بنچینەیی وبێ قەیدی یاسایی«السماح القانوني» بەپێی ئەم ڕێژانەی خوارەوە:

(٥٪)تاکو دەگاتە(٥٠٠٠)پێنج هەزار دینار.

(٨٪)ئەوەی لە (٥٠٠٠)پێنج هەزار دینار پتر بێت تاکو دەگاتە(٧٠٠٠)حەوت هەزار دینار.

(١٠٪)ئەوەی لە (٧٠٠٠)حەوت هەزار دینار پتر بێت تاکو دەگاتە (١٠٠٠٠)دە هەزار دینار.

(١٥٪)ئەوەی لە (١٠٠٠٠)دە هەزار دینار پتر بێت تاکو دەگاتە (١٥٠٠٠)پازدە هەزار دینار.

(١٧٪) ئەوەی لە (١٥٠٠٠)پازدە هەزار دینار پتر بێت تاکو دەگاتە (٢٠٠٠٠)بیست هەزار دینار.

(٢٠٪) ئەوەی لە (٢٠٠٠٠)بیست هەزار دینار پتر بێت.

ماددەی دووەم:

کار بە حوکمی یاساکانی باجە بەرقەرارەکان دەکرێ کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا هاودژ نین.

ماددەی سێیەم:

وەزارەتی دارایی و ئابووری بۆی هەیە ڕێنمایی پێویست دەربهێنێ بۆ ئاسانکردنی جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە.

ماددەی چوارەم:

لەسەر وەزیرە پەیوەندیدارەکانە کە حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

ماددەی پێنجەم:

ئەم یاسایە لە ٢٠٠٠/١/١ەوە جێبەجێ دەکرێ و لە ڕۆژنامەی ڕەسمیشدا بڵاودەکرێتەوە.

**جوهر نامق سالم**

**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی**

**کوردستانی عێراق**

هۆیە پێویستەکان:

بۆ سووک کردنی باج لەسەرشانی ئەوانەی کە موکەللەفن باج لەو داهاتە بدەن کە لە خانوو و بەرەوە دەستیان دەکەوێ، وە بۆ ئەوەی هان بدرێن بۆ وەبەرهێنانە تازەکان کە بگونجێ لەگەڵ ئەو ڕەوشە ئابووری و ئاوەدانکارییەی کە هەرێم پێیدا گوزەر دەکا، بەتایبەتی لەم قۆناغەدا، قۆناغی بونیاد نان و نۆژەن کردنەوەی کوردستانی خۆشەویستمان، وە بۆ پتەو کردنی پرنسیپی هاوکێشەکردن لەنێوان بەرژەوەندی گەنجینەو موکەللەفەکان، ئەم یاسایە درهێندرا.